# خوایه موچەیان زیاد بکەیت !!

**بەختیار سەعید**

کەم ڕۆژ هەبووە فەرمانبەرانی حکوومەت چەند جارێك باسیان لە زیاد کردنی موچە نەکردبێت؟! یاخود لە ڕێگەی ئەو شەپۆلە گرانیەی کە تەواوی کاڵاو پێداویستی وخۆراکەکانەوە بووبێت ئەوا یەکڕاست باسی کەمی موچە هاتۆتە ئاراوە !کەبەناوی بازاڕی ئازادەو گرانیەك دروست بووە خەڵکی بەجۆرێك هەراسان و وەڕس کردووە وتەنانەت بەدەم ڕێگاشەوە هەست بەچەشنێك لە بۆڵە بۆڵ دەکرێت!! ئێمەی ڕۆژنامەنووسانیش ڕۆژ نیە لێرەو لەوێ ڕووبەڕوی ئەو گلەیی وگازندەو پرسیارانە نەبینەوە ،کەی موچە زیادەکات؟! یاخود بۆ بەدەستەڵات ناڵێن کۆنترۆڵی نرخی شت ومەك بکەن؟! یا ئەم بەرەڵاییە کە بازرگانان وچاوچنۆکان دەستیان داوەتێ کەی سنورێکی بۆ دادەنرێت ؟! زۆرجار کەڕوو لە بازاڕ دەکەین کۆڵێ پرسیارمان ڕووبەڕودەکرێتەوە بەتایبەتی لەلایەن برایانی پۆلیسەوە! ناهەقیشیان ناگرین !! ئەرك وفەرمانێکی زۆریان لە ئەستۆدایەو مافەکانیشیان بە واتایەکی تر موچەکەیان ئەوەندە کەمە هەر باشە وازناهێنن !! هەرچەندە ئاگاداری زۆر حاڵەتی ڕاکردن و وازهێنانم لە ناو ڕیزەکانی پۆلیسدا، هەمووشیان بە ولێدوانەی بەڕێوەبەری گشتی دارای حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پەسن گوایە گووتوێتی : پارەی زیادەی پۆلیس پڕۆژەی پێ جێ بە جێ دەکەین!! ئەگەر واش نەبێت ئەم لێدوانە هیچ سودێکی بۆ خەڵکی و حکومەت نیە ، تەنها جۆرێك لەبێزاری دێنێتە ئاراوە !! نیازی سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنم هەبوو،پێش چوونە ژوورەوەم دوو پۆلیس هاتن گووتیان: کەی موچەکەمان زیاد دەکات ؟! ووتم حکومەت لەبەر نامەیدایە زیادی بکات بەڵام نازانم کەی؟! لەشەقامی باتە وەستام دوو سێ پۆلیسی ناوخۆو هاتۆچۆ هاتنە بەردەمم وگووتیان : ئێستا وەسڵێکت بۆ دەکەین!!

،چونکە ئێوە باسی زیاد کردنی موچەی پۆلیس ناکەن!! منیش گووتم :چاوەڕوانبن موچەکانتان زیادەکات ! ئەوانیش گووتیان کاتێ زیاد دەکات گرانیەکەش دەبێتە دووقات !! لەم ماوەیە شەڕێك لە شەقامی ئیسکان رووی داو پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو لەکاتی دەستگیر کردنی تاوانباران ،پۆلیسێکی قسە خۆش گووتی: مامۆستا ئەها ئێمە چۆن ئەرکی خۆمان جێ بە جێ دەکەین ،دە ئێوەش شفاعەتمان بۆ بکەن با موچەکانمان زیاد بکرێت ! ئا لەو کاتەدا یەکێك لە دەستگیر کراوەکان گووتی : مامۆستا تو خوا لە بەر ئەوەی ئێمەیان گرتووە موچەکەیان بۆ زیاد بکە!! بەچاوی خۆم ئەو پۆلیسەم دی لەکاتی هەرایەکی گەورە لەشوقەکانی ئیسکان گووتی :من تاوانبارەکە ناگرم کێ موچەی زۆرە با ئەو بیگرێت ؟! بە قسەی ئەو پۆلیسە بێت لەمەولا تەنها پەرلەمانتارو وەزیرەکان وڕاوێژکاران وخەبیرەکان دەتوانن تاوانباران دەستگیر بکەن !! چونکە موچەی ئەمان لە لووتکەدایە ! کاتی ئەوە هاتووە بڵێین :خوایە موچەی پۆلیس زیاد بکەیت!!